به بۆنەی بیست و سێیەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# لەگەڵ (ڕامان)دا

نایف محەمەد شێخانی

له زۆر شوێن و بۆنەی دیکەدا هەمیشە گوتوومە دەرچوونی گۆڤاری ڕامان جگە لە گرنگیدان بە سەرجەم بوارە ئەدەبی و مەعریفییەکانی ژیانی کولتووری و ڕۆشنبیری، لە ئانوساتی دەرچوونی تا بەئەمڕۆ دەگات، بە پشوویەکی درێژ و ڕایەڵەیەکی هەمەجۆر و هەمەڕەنگەوە، کۆکەرەوەی زۆربەی بوارە مەعریفی و ڕۆشنبیرییەکانی پەیوەست بە لقەکانی هونەر بووە، ژمارە و لاپەڕەکانی ڕامان تا بە ئەمڕۆش دەگات گەواهی ئەو ڕاستییەن.

کە قوتابی پۆلی چوار و پێنجی سەرەتایی بووم، ساڵانی (١٩٧٣-١٩٧٤) عەسر و ئێوارانی پێش ڕۆژئاوابوون خۆشترین کاتم ئەو کاتانەبوون کە بە نیازی خوێندن لەبەر خۆم ئەو گۆرانییە کوردییانەم دەگوتنەوە کە لە ڕادیۆی بەغدا و قەسری شیرین و دەنگی کوردستانەوە بیستبوومن. لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی قۆناغی ناوەندی و دواناوەندیش، ئەوکات خێزانەکان وەک ئێستا هۆشیار نەبوون و بەتەنگ حەز و خولیای منداڵەکانیان و ئاراستە و ئاییندەیانەوە نەبوون، بۆیە خۆم و براکەم (تۆفیق شێخانی) ڕاگەیاندنکار، لە ڕێگەی کۆڵکە مامۆستایەکی بەرژەوەندخواز خراینە بەرخوێندنی قوتابخانەی ئایینییەوە، سیستمی خوێندنی ئەو قوتابخانە ئایینیانەش وابوو دەبوو تا دواقۆناغی خوێندنی زانکۆ تێیدا بەردەوام بیت، هەرواش کەوتەوە تا ساڵی خوێندنی ١٩٩١-١٩٩٢ کۆلیژی شەریعەمان لە بەغدا تەواوکرد. لەگەڵ یەکەم پۆلە فەرمانبەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە مامۆستای زمانی عەرەبی دامەزراین.

بەدرێژایی ماوەی خوێندنی ئامادەیی و ساڵانی خوێندنی زانکۆ لە بەغداو دواتریش تا دەرچوونی ژمارە سەرەتاییەکانی (ڕامان)ی تاقانە، بەندە لە ڕێگەی کۆمەڵێک هاوڕێی گەڕەکی تەیراوەی هەشتاکان خۆشبەخت بووم بەوەی نزیکبم لە خوێندنەوەی مێژوو و شیعر و ئەدەبیات بەگشتی، بەڵام زیاتر گرنگیم بە خوێندنەوەی ئەو بابەت و سەرچاوانە دەدا کە پەیوەست بوون بە بواری هونەری، لە ناویشیاندا (موزیک و گۆرانی).

له ناوەڕاستی هەشتاکان خوێنەرێکی باشی لاپەڕە

ڕۆشنبیری و هونەرییەکانی (هاوکاری و ڕۆشنبیری نوێ و بەیان و کاروان و پاشکۆی عێراق و جمهوری و ئەلف باء) بووم، ئامادەی کۆڕە ئەدەبی و چالاکییە هونەرییەکانی تیپە هونەرییەکان دەبووم، ئەو کتێب و سەرچاوە بەپێز و سەرنجڕاکێشانەی کە بە زمانی کوردی چاپکران و کەوتبوە بازاڕەوە دەمخوێندنەوە نموونەی وەک: (دەروازەیەک بۆ ستران و ئاوازی کوردی) و مەحموود زامدار و (ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی) دوکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ و (گەنجینەی گۆرانی کوردی) هونەرمەندی گۆرانیبێژ عوسمان شارباژێڕی و ئەوانی تر.

بەهاندانی برای ڕۆژنامەنووس غازی حەسەن کە ئەوکات قوتابی بەشی زمانی کوردی بوو لە زانکۆی بەغدا یەکەم وتارم لە ژمارە (١٠٧٢)ی ١٩٨٩/٥/١ ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکرایەوە. دوای نەهامەتییەکانی شەڕی نەگریسی ناوخۆ، یەکێک لەو مینبەرە فراوان و هەمەڕەنگ و جوانانەی کە دەروازە و ئاسۆیەکی تازەی بەڕووی خوێنەران و نووسەران کوردستان کردەوە گۆڤاری (ڕامان) بوو، لە سەروبەندی دەرچوونی ژمارەکانی (١٠ و ١١)ی ڕامان لە ساڵی ١٩٩٧ ئێوارەیەک لە هۆڵی گەل برای بەڕێز کاک ئازاد عەبدلواحیدی سەرنووسەر پێی گوتم بۆ نانووسیت؟ دەرگای ڕامان بۆ نووسین و بابەتی هونەری بۆ هەمووان کراوەیە. ڕاستییەکەی ئەوکات زۆر دڵ خۆش بووم و کەیفم بەو قسانەی کاک ئازاد هات، چەند وتار و بابەتێکی دیکەشم لە ڕۆژنامە و هەفتەنامەکاندا بڵاو کردبووەوە، بەڵام ڕامان حاڵەتێکی تربوو، بۆیە ماوەیەک ڕاڕا بووم و ڕۆژانە لە بەرخۆمەوە دەدوام و دەمپرسی: ئەگەر بابەتێک بنووسم و شایانی بڵاوکردنەوە نەبوو؟ ئەدی ئەگەر ئاستی نووسینەکەم لاوازبوو؟ دەیان پرسیاری تر، دواجار بڕیارم دا بەدواداچونێک بۆ یەکێک لەو دیمانە هونەرییانەی ژمارەکانی پێشووتری ڕامان بکەم، وابزانم کەمێک دواکەوت، بەڵام لە ژمارە (١٢) بە هەندێک دەستکاری کەمەوە بڵاوکرایەوە، لەبیرمە کاک ئازاد هانی دام کە بابەت و نووسین لەمەڕ موزیک و گۆرانی بنووسم، ئەوە بوو لە ژمارەکانی دواتر چەند بابەتێکی دیکەی تایبەت بە هونەری موزیک و گۆرانیم لە گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاوبووەوە. ڕاستییەکەی بڵاوبوونەوەی ئەو نووسینانە و دەستپێشخەرییەکەی کاک ئازاد بوون بە وێستگە و هەنگاوێکی گەورە و هیوابەخش، لەوەی لەو بوارەدا کۆششی زیاتر بکەم و بنووسم، هەرواش کەوتەوە، دواتر توانیم نامیلکەی (موزیک و جیهانگەرایی) لە زمانی عەرەبییەوە وەربگێڕم، بەهەمانگی لەگەڵ هونەرمەند (باکوری) کتێبی (چۆنیەتی گۆرانی گوتن) لە ئینگلیزییەوە بکەین بە کوردی، دواتریش چاپکردنی سەرجەم وتار و بابەتە وەرگێڕراوەکانم بەناوی (ڕامانێک بۆ جیهانی موزیک). بۆ مێژوو لە دوای ڕاپەڕین و ئازادی خەڵکی کوردستان گۆڤاری (ڕامان)ی تاقانە ئەو مینبەرە ئازاد و هەمەچەشنەی گرنگیدان و وەرچەرخان بوو بۆ بڵاوکردنەوە و دروستکردنی زەمینەیەکی مەعریفی دروست، بۆ لە دایکبوونی سەردەمێکی تازەی ژیانی ڕۆشنبیری و مەعریفی بۆ ئەو هونەرمەندە خوێندەوار و خاوەن ئەندێشانەی بوارە جیاجیاکانی ڕۆشنبیری و مەعریفەی تایبەت بە ڕەهەندەکانی هونەر بەگشتی و دیرۆک و جیهانی موزیک و ستران و ئاوازی کوردی بە تایبەتی. ئەرشیف و لاپەڕەکانی ڕامان لەو بواردا دوای ڕاپەڕین بوونەتە سەرچاوە و ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی پڕ لە زانیارییە بۆ قوتابی و خوێندەڤانانی زانکۆ و پەیمانگە هونەرییەکان بەگشتی و ئامادەکردنی توێژینەوە و تێزەکانی قوتابیانی خوێندنی باڵای بوارە هونەرییەکان بەتایبەتی.